# نا نەتناسیوم داگیرکەر

کۆمەڵە شیعر

سلیمان قاسمیانی (کاکە)

شیعر: نا نەتناسیوم داگیرکەر
نووسەر: سلیمان قاسمیانی (کاکە)
چاپی دووهەم، سالی ٢٠١٢
ئینتشاراتی هانا، سوید
ژمارەی کتێب :

ISBN 978-91-974809-8-7
Tryck: Publit, 2012

Hanaförlaget
Box 62
42422 Angered / Sweden
Tel. 070-4441578

*پێشکەش بە یادی پاکی*

*هاورێی گیانبەختکردووم*

*بایز درخشان*

# ناوەرۆک

پێشەکی........................................................................ ٧
چیای بەرزی کوردەواری.......................................................... ٩
قارەمانان...................................................................... ١٨
بڵێی...؟!...................................................................... ٢٧
کوڵی گوڵان..................................................................... ٣٣
ئاڵای سووری خۆشەویستی......................................................... ٣٧
یەک مەتڵەب و دوو مەعنا.......................................................... ٤٢
شیعری بەرەنگاری................................................................ ٤٤
تفەنگ و شەم ................................................................... ٥٣
پەپوولە بە ..................................................................... ٦٤
نا... نەتناسیوم داگیرکەر ........................................................ ٦٨

## پێشەکی

خۆێنەری بەرێز

ئەوەی کە لە بەردەستت دایە چاپی دووهەمی کۆمەڵە شیعری ”نا نەتناسیوم داگیرکەر“ە. لە چاپی یەکەمەوە کە ساڵی ١٩٨٨ ی زایینی کەوتە بەر دەست، ٢۴ ساڵ تێپەڕیووە. ”چیای بەرزی کوردەواری“ کۆنترین شیعری ئەم کۆمەڵە شیعرەیە کە ساڵی ١٩٨٠ ی زایینی نووسراوە. ئەم شیعرانە منالّی سەردەمی خۆیانن هەرکوو شاعیر خۆی منالّی سەردەمی خۆی بوو. دڵنیام ئەگەر ئەمرۆ ئەو شیعرانەم نووسیبیان، لەوانەیە لە زۆر لایەنەوە جیاوازییان هەبووایە لە گەڵ یەکتر. بەڵام من ئەو شیعرانەم هەر بەوجۆرەی کە هەن خۆش دەوێن و ئێستاش دوای ساڵانێکی زۆر تێپەربوون بە سەر تەمەنیاندا حەزیان پێدەکەم و هەستم دەجووڵێنن.

هەروەک دنیا لە گوڕان دایە، ئینسانیش دەگۆڕێ. منی ئەمڕۆ هەر منی چەن ساڵ لەمەوپێش نیم. بەڵام سەرەڕای ئەو راستییەش هیچ  شیعرێک لەم پەڕتووکەدا نییە کە ئەمرۆ پشتی  لێ بەردەم و لێی پاشگەز بووبمەوە.

لەم چاپی دووهەمەدا بێجگە لە هەڵەی نووسین کە کەتبوونە ناو چاپی یەکەمدا، هیچ گۆڕانکارییەک بە سەر شیعرەکاندا نەهاتووە.

تەنیا جیاوازی لەبەرچاو، فۆنتی نووسینەکانە. چاپی یەکەم بە دەزگای تایپ نووسرابوو و ئەوکاتە سەردەمی کامپیوتەر نەبوو. لە چاپی دووهەمدا، شیعرەکان دووبارە بە کامپیوتەر نووسراونەوە و فۆنتەکانی جوانتر و بۆ خوێندنەوە خۆشتر و ئاسانترن.

هیوادارم کاتێکی خۆشتان بێ لە گەڵ چاپی دووهەمی ئەم کۆمەڵە شیعرە.

سلیمان قاسمیانی

سوید - ١٠- ٨- ٢٠١٢

# چیای بەرزی کوردەواری

پوورە هەمین!

ئەی جەرگی لەتلەتکراوی

کوردستانی بە خوێن شۆراو

ئەی دیمەنی سوور و روونی

مەینەتکێشاوی ئەم خاکە!

کە ئەڕوانی

بە چاوی خەفەتبارەوە

قووڵایی مێژووی مەینەتی

گەلی کوردی ستەملێچوو

لە چاوە جوانەکانتدا

شەپۆلی رەش ئەداتەوە!

دەستی قەڵشاو و پڕ پینەت

دیارە قەڵای دەیانساڵی

رەش و تاڵی

کار و بارە...!

قەڵای دروێنە و دەسکەنە و

نێوکۆڵ...

بژار...

دڕک و زام و زەوی و زارە!

دەنگی زوڵاڵ و شیرینت

گەردی پەژارە و هەژاری دەیان ساڵە

بە سەر خۆیا رائەکێشێ!

دەنگی لە رق هەڵقوڵاوت

بەحرێکە لە کوێرەوەری

کە قەت...

هەرگیز... بنی نایە!

بەحرێکە هەر شەپۆل ئەدا و

بیرەوەری رابردووی تاڵ

وێنەی باران

بە سەر بیری  هەر گوێگرێ ئەبارێنێ!

شەپۆلێکە

پەردەی بێدەنگی ئەدڕێنێ!

بیرەوەری ساڵەهای ساڵ

چەوسانەوەی سێ لایەنەت

دڵی من دائەخورپێنێ:

- زەحمەتکێش و کورد و ئافرەت!

*

پوورە هەمین!

دەرەبەگ و سەرمایەدار

زۆردارانی ئەم وولاتە و

باقی وولاتی سەرزەوی

دان به مافی گەل دانانێن!
ئامانجی رژد و چەپەڵیان
هەڵلووشینی رەنجی شانی
کرێکار و جووتیارە!
لە دەفری مەی شەوگارکردنی
خوێنی چەوساوە و هەژارە...
خۆ ئافرەتیش لەم نیزامە
حاڵی زارە!

دەربەگی "ئارەق و تین" (١) دزی رەعیەت
ئافرەتی لا زەوی و زارە
ئافرەتی لا خاتوونێکە
پەردەی بە خوێن شۆردراوی کۆشکی ئاغا
بە ناز و غەمزەوە لادا!
ئافرەتی لە لا دیلێکە
لە چوارچێوەی رەشی ماڵا
زاووزوو کا...

هەوڕ بشوا...!

ئافرەت لە لای سەرمایەدار

وەک سەرمایەی دەستی وایە!

بە لایەوە ...

کارگەیەکە  بە زاوزوو

منداڵی بۆ کرێکاری

لە بازار بێنێتە کایە!

بە لایەوە...

مەتاعێکی گیان لەبەرە

هەست بزوێنە،

لە ناو دۆزەخی سەرمایە

بکڕە...

بفرۆشە...

کالایە!

*

پوورە هەمین!

ئەی فریشتەی جوانی و هەڵمەت

ئەی شیعری پاکی و بێگەردی و

شیرەژنی وولاتی کورد!

ئەی ئالای هێرشی سووری

چەوساوەکانی ئەم خاکە!

تۆ لە لاما

نەوەی پۆلاینی کاوەی

پەیکەرەی رەنج و مەینەتی

زەحمەتکێشی ئەم وولاتەی!

تۆ لە لاما

مرۆڤێکی گەلێ بەرزتر لە ئاسۆس

تۆ هێزی لە بن نەهاتووی

چینی کرێکاری هەژاری

تۆ ئالاهەڵگری نیوەی

مرۆڤی ئەم عەرز و خاکەی!

*

پوورە هەمین!

هاواری خوشکی تێکۆشەر

کۆمۆنیستی بەرز و دلێر "ئیبارۆری"
ئێستاش لە جەرگی ئیسپانیا
لە شەقامەکانی مادرید
لە ژێر گرمەی تانگ و تۆپا...
شێرانە دەنگ ئەداتەوە!

ئێستاش هاواری جەمیلە
لە بەندیخانە و کەژ و کۆی
ئەلجەزایری خوێناوی
کەفی زەلیلی و زەبوونی
- لە ژێر دەستی "ئافرەتێکا" -
بە فەرانسە ئەخواتەوە!

ئێستاش دەنگی بەرز و نێری
ئازایانەی خوشکە لەیلا و
مەستوورە و نەسرین و شەهلا
لە فەڵەستینی داگیرکراو

له بەندیخانەی سنەدا

له تارانا

له بەغدا دا و

له هەر شوێنێ  که ملهوڕان حوکم دەکەن

له ناو جەماوەری گەلا

سروودی شۆڕش ئەخوێنێ!

*

پووره هەمین!

دایکی دڵسۆزی نیشتمان!

"ئیبارۆری" کوردەواری!

شۆرش به تۆ و

گشت ئافرەتانی زەحمەتکێش

پشت ئەستووره!

هەروەک مامۆستای شۆرشی

جیهانی پرۆلیتار ئەڵێ:

شۆرش هەرگیز

بێ بەشداری گەرموگوڕی

ئافرەتانی هەر وڵاتێ

سەرناکەوێ...

سەرناکەوێ! (٢)

دولکان – بەفرانباری ١٣٥٩

**پەراوێزەکان:**

١ - شیعری "ئارەق و تین" ی هێمن

٢ - لە ووتەکانی لێنین

# قارەمانان

پێشکەش بە ''شەهلا و نەسرین کەعبی'' کە

سالی ٥٩ لە شاری سنە گوللەباران کران.

بزەی لێوی گەشی هەتاو

هەنگاوی هەڵێنا هێواش

کەوتە ڕێگای ڕۆژی ڕۆژان.

لە لوتکەی بەرزی چیاکان

تارمایی ئەکەوتە پەلە

هەتاو ئەکەوتە ورووژان.

بە تاق و جووت لێرە و لەوێ

کەڵەشێری پۆپڕە سوور

مابوونەو کە ئەیان قووقاند.
چۆلەکەکانی پاساری
لە سەرلق و پۆپی شکاوی
دارەکانا ئەیان چریکاند.
لە ناو شەقامەکانی شار
داشقەچی خەواڵوو و هەژار
جیڕەجیڕ...
داشقەی ئەگەڕاند.

*

لە مەیدانێکی سنە دا
کە چۆڵ و هۆڵ و بێدەنگە
تەپتەپی پۆتین لەپێ دێ.
بەرەو جەرگی مەیدانی تیر
دوو دەس بەستەی دیلی گیراو
دێن لە گەڵ چەن خاڵبەڵەکێ!

خاڵبەڵەکانی پاسدار
سەرلێشێواو و گرژ و گاڵ
هەنگاویان لێ تێکەڵ دەبێ.
هەر وەک عیزرائیلی نەمان
بە داسی مەرگی چەماوی
قەسدی گیانی وانی کردبێ!

بەڵام دوو کەس لەو ناوەدا
هەر ئەڵێی ئەچن بۆ شایی
نە تێکچڕژاو،
نە دڵ شێواو!
ئارام...
هەنگاو قورس و قایم
جەرگی مەیدان ئەلەرێنن
دوو گیراوی گەمارۆدراو.
رەش ماری پرچی هەڤاڵان
لە گەڵ شنەبای بەیانا

شەپۆل ئەدا لە فەزادا.

بزەی جەرگتەزێنی وان

لە دەور ئەباتە دەر "ژۆكۆند"...

یادێكیتر وەدی دێنێ.

باڵای بەرزی بڕوای ئەوان

لە كەهكەشان تێدەپەڕێ

زراوی دوژمن ئەتۆقێنێ.

دەستیان ناوەتە دەس یەكتر

هەر نەوەك خوشكن ئەم دووە...

دوو هەڤاڵن...

دوو هاوڕێی سوور!

جەسوور

شیرانە

قارەمان...

پێئەكەنن

رێ ئەپێون

جووت مشتیان کردۆتە ئاسمان!

هاوار ئەکەن بە دەنگی بەرز:

"هەربژی خەباتی گەلان

سەرکەوتووبن زەحمەتکیشان" [١]

ئەشریخێنن وەک هەوری رەش

لە سەرە مانگی بەهارا

بە دەم سروودی ئەی رەقیب.

*

خاڵبەڵەکانی پاسدار

لە گۆشەیەکی مەیدانا

پاڵ ئەکەون

کیژ...

ئازایانە ئەوێستن.

چوار قامکی دوو فریشتەی گەل

چاوی ئاسمان ئەکۆڵێ

ورەی دوژمن ئەڕووخێنێ.

لە نەعرەی بەرزی هەڤاڵان

دڵی گەلەنگێدەن لەرزی [٢]

ژێ- سێی سەرمایە هەڵبەزی... [٣]

رووباری خوێنی هەڤاڵان

هات و بە یەکا تێکەڵ بوو

خوێنیشیان نەقشی کرد لە خاک:

سەر....

...کە......و....

.....تن....!

*

سەقز شاری ئاگر و خوێن

لێنینگڕادی مل بە کوێن

وەک بەحرێ مۆنجی دایەوە

رق و نفرەتی بەندکراو

پشکوت لە کووچە و لە کۆلان

لە ناو هەر دڵێکی سووتاو.

دەنگۆی جەماوەر رۆییە سەر

- چ بوو؟  کەی بوو ئەم رووداوە؟

- چ بوون...؟

چی بوون...؟

چییان ناوە؟!

ماڵ و کووچە و کۆڵانی شار

لەرزین و سەریان دانەواند

لە دەنگێ لە رق هەڵقوڵاو:

- " کیژی سەربەرزی ئەم گەلەن

تێکۆشەری رێی کۆمەڵەن

رۆڵەکانم...  شەهلا... نەسرین!" [٤]

*

کوردستان مەڵبەندی شێران

ستالینگرادی ئێران

هاواری دەنگی دایەوە:

رێگایەکەو لە پێشایە

شۆرش بۆ مافی رەوایە

شەهید خوێنە و لە رەگ دایە!

شەهلا و نەسرین بەڵگەی سوورن

مژدەهێنەری جەسوورن

پێشەنگی کیژی رووسوورن

ئاڵای بەرزی ئافرەتانن

مشتێ پۆڵا لە دەم بڕوای

کۆنی سەرمایە و بەگانن!

ئاڵای مارکسیستی گەلن

بەرز و بێ هاوتا و بێوێنە

کە لە سەریا سوور نووسراوە:

شۆڕشی گەلی راپەڕیو

خوێن و یاری لە کیژ و کوڕ

وەک یەک ئەوێ...

وەک یەک ئەوێ!

*

دیسان بە خوێن نووسرایەوە

میژوو نیشانی دایەوە

بڕیاری سوور ووترایەوە:

- " دەبا دوژمن بلووڕێنێ

رۆڵەکانمان بفەوتێنێ

خاک بە سەر، چی پێ دەمێنێ؟

ئەوەی کە زۆر ئاشکرایە

لەبەرچاو هەر کەسێکایە....

شۆڕشە.... لە گەشە دایە!" [٥]

دولکان - خاکەلێوی ١٣٦٠

**پەراوێزەکان:**

١- شیعاری سەردەمی گوللەباران کرانی ئەم دوو گیانبەختکردووە.

٢- گەلەنگێدەن: چەخماخی چەک

٣- ژێ – سێ : چەکێکی سوپای ئێران

۴- لە ووتەکانی دایکی ئەم دوو گیانبەختکردووە

۵- لە ووتەکانی فواد مستەفا سولتانی

# بڵێی....

پێشکەش بە "ڕەحمەت شەریفی" کە
لە ڕۆژی ٣-٧- ١٣٦٠ دا لە شاری
تەورێز گوللەباران کرا.

بڵێی شەو
هێندە چڕ مێنێ
کە بتوانێ
هەموو جارێ
نەفەسبڕ کا
تەوژمی توندی هیوای
کازیوەی سووری مەلابانگێ؟!
بڵێی با ڕەش
هەموو ڕۆژێ

ببێ دەستی

هەزاران خونچە پەڕپەڕکا

نەدا مەودا،

دەرودەشتان وەڕازێنێ

سەمای

گوڵ...

گوڵ؟!

بڵێی دیدە

ئەوەندە کورتێ بێنێ

بازگەی بەختێ هەموو ساڵێ

کە هەرچی کۆکەرۆی رەنجی شەوورۆژی

لە قەد گۆنای ئاڵا ....

ئاڵێ؟!

بڵێی ئاهی

هەزاران تاقە هیوای سوور

بەرەو بانە نەچن

یەک گرن و رێ بگرن

بکەن تەکبیری هاوارێ؟!

بلێی تەرمی

کفن لە خوێن تەناوی

رۆڵەکانی مەردی مەیدانی نەبەردێ

شین نەبێ...

سەرشین نەکا

سەرخۆشەکانی

خوێنمژی

عەبا بە دەستێ؟!

تۆ بڵێی گەڕ

وانەیێت جارێ بە یەکجاری

کرێکاران و زەحمەتکێشەکانی سەرزەوی

یەکسەر سەری چۆپی بگرنە دەس....

بگێڕن دواگەڕی

ماڵینی زوڵم و زۆر؟!

*

وەرن یاران

وەرە کاکە...

وەر دادە

دە یەک بگرن زەماوەندە!

بە یەک رەنگی

بە یەک دەنگی

لە دەمێکا...

بە دەمێکا بکەن هاوار!

بڵێن:

- خەوبڕ ئەبێ

شەودڕئەبێ

زامی کولاوەی سەر لەشی ماندوو

کە سۆزی تیشکی بزوێنەر

هەتاوی شوڕشی سووری گەییشتە سەر!

بڵێن:

- نا...نا...!

شەماڵە و دێ بە دێ دێت و

دەلاوێنێ بە هانای گەرمی بووژاندن

پەڕی لە خوێن شەتاڵی

خونچەکانی هەڵوەراوی

بن دەرو دیوار!

بڵێن:

- دیدە

تروسکەی بەختی گشتی ئەیگەشێنێ

ئەودەمەی ئاهی هەزاران تاقە هیوا

دێت و یەک دەگرێت و

جەرگی رەش دەئەنگێوێ!

بڵێن:

- ئەرێ لە رێ دایە

لە رێ دایە

ئەوا ئەو کاروانەی دێ و

یەکەم مەنزڵ ئەخا باری

لە جێگای کۆچی ئێستێبداد!

میرئاوێ     ٩-٧- ١٣٦٠

# کوڵی گوڵان

بەر سەر شارا

گەڕا ئاوازی سامێ

بێ دەف و زەنگ و دەهۆڵ...

بە دەم هاهای ماندووی خەوا  و

دڵان

بارگەی سەفەریان بەست و رۆیین

تا کوو بڕوێنن

هەوا...

ساز...

بەستەیی شێلگیری هانا هێنەری

خورپین و داخورپین

له بەردەرگای

هەرای

نامۆی شەوی شێواو!

بە سەر شارا

هەناسەی ساردی هەڵکێشا

شەوی تار و سڕ و مات

بە دەم لوورانی زریانا و

پەڕپەڕ بوون سەدان سوورگوڵ

– لە بەردەم دیوەخانی

مێزەران رەشتاڵی

رەش رەش بوو لە ئارەق

تین و تاو و

خوێن و فرمێسکی کرێکاران... –

هەڵوەرێنە کۆشی گەرمی

رەورەوەی تابووتی سووری

## لەحزەیەک وێستان نەمژتوو!

بە سەر دڵا گەڕا

گڕی هاواری خوێناوی

هەزاران بولبولی شەیدا

لە بن دیواری بێدادا و

پڕژا قینێ...

پشکوت شەپۆلی هەناسەی قینی سەرڕەو

ـ نە یەک، نە دوو، نە سەد...

هەزاران کەلاوەی شارێ

لێرە... لەوێ...

بە کوتی جەرگ و

تاسەی رەنجی لە دەس دەرچوو! ـ

چوونە خوارێ تا قووڵایی

هەزاران ساڵە هەڵکەندووی

قەد چەماویی چەوساوەکان!

*

لە دەروونا کوڵا

کوڵی دیداری پڕشنگی

دوایین هەناسە مژینی هەڤاڵانم

لە مەیدانی بەرینی تیری ئێرانا و

مژۆڵم کەوتنە شایی

لە بەحری قووڵی چاوانا...

کە دیم زەردەخەنەی بێباکی یارانم

بەرەوپیلی رەشی مردن

دەبا هێرش!

کوڵی دەروون شێواندی سەر

کە ئاگاداری یاران بوو...:

- لە مەرگیشا

شان بە شانی یەک رۆیشتن!

میرئاوێ – خەرمانانی ١٣٦٠

# ئاڵای سووری خۆشەویستی

پێشکەش بە بروسکە

لە کاتێکا

دەستی رەشی

زەبر و زەنگی سەرمایە

پاروو بادەدا

لە سفرەی ژینی بێ پشووی

ملیۆنەها رووت و برسی،

بروسکەی چەن هەزار گریەی

وەیەک کەوتووی زگی بەتاڵ

ئەهاژێنێ

دەماری دەستی پەککەوتوو...

خۆشەویستم!

ئەوسا دەستی رق و قینم

بار و تەمی تینوایەتی لێوی یەکبوون

ئەنێتە شان

بە هانکە هانک...

بەردەبێتە کۆشی دەستت

ئەزانێ چەنێ مەزنە

حورمەتی "چەن" بە "یەکا" چوون!

*

لە کاتێکا

میوانداری هەموو ماڵێ

ترپەی دڵی داماوێکە

لە هێرشی تەمەنبڕی

دەم ودەزگای سەرمایەدار،

چرپەی پەنجە پێی هەڤاڵان

ئاهەنگی شایی یەکجاری هەڵئبەستێ

بە دەم لوورەی رەشی: "آتش" ... [١]

خۆشەویستم!

ئەوسا چاوی حەزی دڵم

باڵەفڕکێ ئەکاتە یاد

ئامێزی پڕ خۆشەویستی ئەکاتەوە

بۆ میوانێ...

کە ترپەی ترس هەڵئەواسێ

ئەزانێ چەنێ مەزنە

لە ژێر باڵی رەشەبا دا

دڵ، پەیمانی شۆڕش بەستن!

*

لە کاتێکا

ئاسمانی

شار و لادێی وولاتەکەم

هەوری دووکەڵی ئێسک و پێست

ـ له  نوقڵ و نەباتی دیاریی

فڕۆکەکانی داگیرکەر ـ

سێبەردەخا بە سەر سەریا،

خوێن ئەبێتە

زمانی سووری ووتووێژ!

له لوولەی هەزاران چەکا

ـ ئەم بەر ئەوبەر ـ

قرمە ئەبێتە لاوکی شەو...

خۆشەویستم!

ئەوسا سفرەی دڵی پۆلووم  ئەکەمەوە

برینی مێژوو سەرئەکا و خوێن هەڵئەدا

دەرمان تەنیا پچڕاندنی

کۆتی سەرشانی ژیانی

ملیۆنەها مرۆڤی دیل و یەخسیرە!

دڵی کڵۆڵ

خۆشەویستی بە پێوانەی

رێگەی سووری مێژووی هەژار

هەڵئەهێنجێ!

باش ئەزانێ

چارەی دەردی قورسی مێژوو

چەن و چۆن هاورێگەی ئەوێت!

رەبەت - ١٢-١٢-١٣٦٠

**پەراوێزەکان:**

١- آتش (فارسی) : فەرمانی تەقە کردن

# یەک مەتڵەب و دوو مەعنا

کچ و کوڕ یەکیان خۆش دەوێ

خوا نەکا چاویان پێک کەوێ

یان لە کانی و مەزرا و دەراو

نەکا بیانبینن زار بڵاو

چون دەبێتە هاتوهاوار

لە کووچە و بەردەرک و بازار:

"هەیهات شەرم و حەیا تکا

هەتیو، چەتیو چ لێدەکا!"

بەڵام ئێجگار سەیر ئەوەیە

ورته و فووی مەلا، پەردەیە

مام مەلا ریش بجوولێنێ

کەس نەکردانیش پێک دێنێ!

هەر مام مەلا بورتێنێ

کچ دەبەن بۆ کوڕ بۆ شێنێ

دەیکەنە شایی و هەڵپەرکێ

لە دەشت و حەوش و بەردەرکێ

عالەم لە فیتی وان دەگا

لۆمە نا... حەزیان پێدەکا!

سەیرە، سەیرە بە راست سەیرە

مەتڵەب یەکە و یەکیان غەیرە!

میرئاوێ – گەلاوێژی ١٣٦١

# شیعری بەرەنگاری

پێشکەش بە هاورێیانی بەندی

لە پشت دەرگای پۆڵاوە

لە بن چەکمەی مەلاوە

لە ژێر قەمچی سەرمایە

کۆنپەرستی دنیایە

تەرمێ دەس بەستراوە

زنجیر لە پێی ئاڵاوە

لە سەر پشتا کەوتووە

شیری خەوی هەڵچووە

سەربڕۆی هەڵدڕاوە

خوێن لە چاوی گەڕاوە

پۆشاکی شڕ و شۆڵە

دەردی قەمچی لە کۆڵە

پرچی لە خوێن گەوزاوە

بارانەی پەڵەی داوە

لەش پەیکەرەی ئەشکەنجە

مۆری چی دەرد و رەنجە

مەندە بەحری دوو دیدەی

گەشە و هاواری بێوەی

نیشاندەری چالاکی

نەبەزین و بێ باکی

*

"بروسکە" گیانی شیرین

کانگای ژیان و ئەڤین

دڵڕەقی رووی سەرمایە

شۆڕشگێڕی بێ کایە

ئەی لەش لە خوێنا شەتاڵ

قارەمانی تەمەن کاڵ

دوژمن چاوی لە تۆوە

کە بتخاتە رۆڕۆوە

بەندیخانەش مەیدانە

ململانێی چینانە

شەڕە، شەڕی ژێر و ژوور

شەڕی دڕک و گوڵی سوور

شەڕی خەو و بێداری

سەرمایە و کرێکاری!

هەرگیز رۆڵەی گڕ و خوێن

ئەم دوو بەرە، پێک ناشێن

بە هەرچی زەبر و زەنگە

بەر هەرچی فێڵ و رەنگە

سەرمایە دێتە مەیدان

بە تف، توانج، بە لێدان

بە هەرچی ناڕەوایە

ئەوەی لە دەستی دایە

گورزی خۆی ئەوەشێنێ

کە باڵات بچەمێنێ....!

تۆش جەربەزەت بنوێنە

سروودی سوور بخوێنە

بە بیری کرێکاریت

بە ورەی بەرەنگاریت

بە هیوای دواڕۆژی روون

لە ژینا بەرەو نەبوون

هەنگاوی سوور هەڵێنە

بمرە و سەر مەنەوێنە

بە نەترسیت لە مردن

گۆڕ کە، ئاواتی دوژمن!

*

ئەی بروسکەی گیانبازی

ئەی دروشمی ناڕازی

ئەی شیعری بەرەنگاری

ئەی هەوێنی رزگاری

لە دەری بەندیخانە

دوور لە کۆت و زیلانە

چی هەڤاڵ و رەنجدەرە

چی گەلی ژوور و دەرە

تاسەی تۆیان لە بەرە

بۆتۆیان ژانە سەرە

چاویان لە زاری تۆیە

کە کامەت گفت وگۆیە

بۆیە وا مات وێستاون

پەیکەرەی گوێ و چاون...

چون زۆر "چارە"ت بە دەستە

چی "ئەنووسی" ... مەبەستە!

خوای مان و نەمانی

چارەنووسی سەدانی

دەیان ژین لە دەستایە

به تۆ دەکەونە کایە

دوو حەرفن چارەنووسن

دەرگای دەم رائەمووسن

"ئەلف"ە و "نوون"، شەڕ و شادی

دژ و یاری ئازادی

حەرفێ ژین ئەوەرێنێ

ئەویتر ژین ئەدوێنێ.

"ئا"، تەسلیمە و سەرشۆڕی

"نا"یە، شۆڕش و کۆڕی

کامەیان میوانی تۆن

بە باخی لێوتا ئەڕۆن؟!

لە کامە خۆ ئەبوێری

"ئا" یا "نا" هەڵدەبژێری؟!

*

ئەی بروسکەی ژین ئاژۆ

دەس هەڵگر لە گیانی خۆ

ئەی لە هەرچی "ئا" بە دوور

ئەی لە سەر "نا"ی شەڕەف سوور

ئەی کۆرپەی کۆڕی خەبات

بەستەی گڕاوی نەجات

ئەی شەمی هەڵگیرساوە

شەوقی قەت نەکوژاوە

ئەی هاورێی بەندیخانە

ئەی لە دۆڕان بێگانە

تۆ تاجی سەر سەرانی

ئەستێرەی ئاسمانی

تۆ رۆڵەی چەوساوانی

مەیدانداری ئەوانی

ناوت لەسەر سەرمانە

خۆزگەمان بەم ژیانە

لەو بەرزەوە بڕوانە

ژینی وا چەن جوانە!

*

"بروسکە"ی ئەڤین و قین

"باز"ی "بەندی"، تاو و تین

پەیکەرت ئاڵای شیعرە

دەستی دەردی لەش بگرە!

هەرچەن دەردت گرانە

گیانت بۆتە نیشانە

بەڵام دژ ببەزێنە

دەرد و ژانت مەنوێنە

 با لە ئاخ و ئۆفی ئێش

رەنجی ئەمڕۆ و لەمەو پێش

دڵی دوژمن نەسرەوێ

دەردو ژانت بێنە رێ

دارە دارە بیهێنە

هەرگیز دەردت مەدوێنە

هەستە...! هەستە...! گوێ بگرە

شادی بە تەمەن بکرە

ئێمە لێرە و تۆ لەوێ
هاوارمان یەکی دەوێ:
بۆ ژیانێکی ئازاد
کە چینی بێ دەسەڵات
ئاڵای شەکاوەیەتی
گوڵی گەشاوەیەتی
سڵ ناکەین و نالەرزین
بۆ پێشەوە بێ بەزین!

میرئاوێ ٢١-٣-١٣٦١

# تفەنگ و شەم

تفەنگ و شەم وەها هەڵکەوت جارێ
ببینن یەک لە دێیەک، شەو بەهارێ
تفەنگ و چاوی رەشمارێ بەرابەر
شەمیش باڵا وەکوو سەرو و سنەوبەر
تفەنگ و دەنگی، نرکەی نابەزیوی
شەمە حۆری و فریشتەی دەردەدیوی
تفەنگ، ئاڵای هەزاران جەرگی پۆڵا
شەمیش باری هەزار ئاهی لە کۆڵا
تفەنگ ئارام وەدیوار پاڵیداوە
دەسەوئەژنۆ شەمیش چاوی بە لاوە

نه دەنگێ، جووڵەیی، هەستێک وخوستێ

وەکوو دنیا بە جارێ رابوەستێ

شەمێ کیژی جوانی کوردەواری

لەسەرتاپای خەم و مەینەت دەباری

کڵۆی دەردێ، گەرووی دەر پێوەدابوو

لە چاوی مەستییا هەورێ رەها بوو

نەچوو چی وا بە سەر لەم کات و حاڵە

کە گڕ بەربوو لە پووشووی ئاه و ناڵە

شریقا هەوری چاوی رەش بە جارێ

دڵۆپی خوێن لە گۆنا دێنە خوارێ

هەناسەی نەرمەگریانی شەمی جوان

دڵی پۆڵای تفەنگی کردە بورکان

لە گەڵ هەر تاقە فرمێسکێ کە ئەتکا

تەواوی بەژنی سەروی شەم بوو ئەشکا

تفەنگ ئارام و ئۆقرەی لێبڕا گشت

بە نەرمی هاتە دەنگ و گفتی هەڵڕشت:

- شەم ئەی شۆخی دەروون پڕ زام و زووخاو

مەگریێ ئەی گوڵی گیراوی سەد داو

مەگریێ، کەی گرین دەرمانی دەردە

لە زارا کۆتری گوڵخەندە هەڵدە

وەرە دووان ئەی فریشتەی دەرد و تاسە

بڵێ ئەمشۆ چییە حاڵت کەساسە

*

بە ئارامی لە گەڵ هانو هەنسکێ

لە رووی لادا بە پەنجە دەستە بسکێ

کە مانگی دیمەنی رووی گرتبۆ بەر

پەرێشان بوو لە سەر فرمێسکی گەوهەر

بە نەرمی لێوی ئاڵی هات و پشکووت

چ پشکووتن، چ پشکووتن... کە دەتگووت

سەدا و ئاوازی باڵی حۆرییانە

لەرەی بەرگی بە گوڵبووی خونچەکانە

ووتی: کاکی تفەنگی پڕ گڕ و تین

لەچی بدوێم و چۆن بدوێم کە وا ژین

لە من بۆتە جەهەندەم سات و کاتی

شەو و رۆژ خەندەیێ لێم بۆتە قاتی

دەزانم گریە بارم سووک ناکا

برینم وایە زاری سوود نادا

دەگرییێم چون گرینیش لەم ژیانە

هەمیشە دەست نادات و گرانە

دەگرییێم تا کە شایەد روومەتی ئاڵ

بکا ئاواڵە ئامێزی خەت و خاڵ

کەمێ بمژێ لە ژەهری تاڵی ژینم

ببێ رەش هەروەکوو شەوگاری شینم

ببێ پاراو لە تاسە و جەرگی رەشبووم

هەتا دنیا ببینێ چۆن و چی بووم

تفەنگ ئەی بیسەری گریان و ناڵەم

تفەنگ ئەی بینەری ئەم حاڵە تاڵەم

لە کۆمەڵگای ئەمرۆی کوردەواری

ئەوی ژن بێ لە قوڕدا کەوتووە باری

هەمیشە کونجی ماڵی جێ ژیانە

"چەتیو" و بێکەس و کار و زمانە

"صغير" ێکە هەتا ئەو کاتە مابێ

دەبێ سایەی کەسێکی بە سەرا بێ

وەکوو شێرە و "ضعیفە"ی ناو نراوە

لە کارانیشە  وەک پۆلای تواوە

ئەگەرچی دایمەن سووتاوی کارە

خەریکی ماڵ و حاڵ، تا بەرد و دارە

بەڵام رەنجی لە بەر چاوان بچووکە

نییە قەدری لە کۆمەڵدا و سووکە

تفەنگ، ئاخر لە بۆ هەروا بمێنم

کەمەر هەروا لە ژێر خەم بچەمێنم

ئەوەی دەرگا رووەو شادی و نەوا بێ

ئەوەی زەڕڕە کەلێنێ کە رەوا بێ

دریغ ئەکرێ و بە قوڕگیراوە لێمە

بەروبوویی  ژیانی ئێمە دێمە

پەتێ، واهەر لە ملمانە هەتا هەین

مەتاعی ماڵی دای و باب ئێمەین

شەریکی ژینی ئێمە، مەیلی بابە

بەشی کچ هەر بەڵێیی بێ حیسابە
لە ئەووەڵ رۆژی چاوئاواڵە کردن
هەتا مەرگ و هەزار ئاوات بردن
لە قۆڵی دایە کچ دەسرازەکەی لانک
هەتا ئەو رۆژە ئیسرافیل ئەدا بانگ!
ژن ئینسانە، تفەنگ! ئەمما ئەلێرە
بە لایانەوە ئینسانێکی گێلە!
نە هەرمن، هەرچی کیژی کوردسانە
شەمی بەزمی ژیانی پیاوەکانە
لە پڕشنگی وجوودی... روون جیهانە
بەشی خۆی سووتەن و بۆ غەیرە مانە
تفەنگ لەو مەرگە، وا ناوی ژیانە
لە دڵما هەر یەکێ رێی بوو، بزانە
هەموو شادیم لە ئەودا دەدیەوە و بەس
لە ئەو واترکوڵی دڵ نەیدەویس کەس
نیگای ئەو خەمڕەوێنی دەردودوو بوو
سەدای ئەو باڵی هەڵپەڕکێی گڕوو بوو

له گفتی شیرنی هیوام دەبووژا

ئەوی خەم با لە مەیدانا دەکووژا

ئەویش ئاخر لە من دووره وەتەن بوو

ئەویش تۆی کرده شان بۆ شۆڕش و چوو

ئەویش ئیتر منی کردووه فەرامۆش

تفەنگ ئاخر بەچی بێ ئەم دڵەم خۆش؟!

*

تفەنگ هاته زمان و جوابی داوه:

- شەم ئەی سووتاوی هەرگیز نەحەساوه

گڕی دەردت که دەردی زۆر کەسانه

بڵێسەی سەندووه ئا لەم زەمانه

به گریه و داد و هەیهاوار و رۆڕۆ

عیلاجی دەردی کەس نەکراوه بۆخۆ

نه هەرتۆی و نه کیژی کوردوسانی

له دنیای پان و پۆڕا با بزانی

له هەر شوێنێ که سەرمایه به دەسته

ژنیش پێشێله مافی، ژینی پەسته

له قانوونی ڕەشی سەرمایەداری

مرۆڤ نرخی نییە و هەر کۆڵەواری

نەسیبی ژینی گشت بەش مەینەتانە

هەوڵ بۆ سوودی بێ پایان ستانە

نە هەر ژن لەم نیزامە دەردە دارە

بە ملیۆنیش کرێکاری هەژارە

حەقی ئێوە و هەموو ماف لێڕفاوان

کرێکار و قەرە و زۆرلێکراوان

گرێدراوی یەکە و ڕاسانی گشتە

کە دەشکێنێ لە زۆردار هەرچی پشتە!

کە هات و هەرچی چەوساوەی وولاتە

بە تێکڕا ڕاپەڕی لەم دەسەڵاتە

کە ڕووخێنرا نیزامی کۆیلەداران

کە ڕووی هێنایە دەر تاوی هەژاران

لە زوڵم و زۆر و بێداد و لە هاوار

هەنامێنێ نە ڕێ، نە شوێن، نە ئاسار

لە بەرنامەی کرێکارانی ووشیار

ژن و پیاو و کوڕ و کچ، بێ سەر و خوار
وەکوو یەک بەهرەمەندن لە ژیانا
لە شادیدا، لە کارا، لە زیانا
نە ژن ژێردەست و کۆیلەی پیاو و ماڵە
نە زەحمەتکێش بەری ڕەنجی بەتاڵە
نە کارگەر بەندەیی سەرمایەدارە
نە خێزان و مناڵ ڕووت و ڕەجاڵە
نە کەس دەمرێ لە سەر دەستی مناڵی
لە بەر بێ پارەیی و بێ ماڵ و حاڵی
ژن ئینسانی تەواوە لەم نیزامە
"ضعیفه" نەک ژنە، بنیامی خامە!
ژنانیش هەر وەکوو پیاوی ووڵاتن
وەکوو وان خاوەن حوکم و دەسەڵاتن
لە تەکبیر و لە ڕا و ئاکاری کۆمەڵ
لە حوکمەت کردن و ڕێکخستنی گەل
لە کارگە و مەدرەسە و مەزرا، لە سەنگەر
لە گشت جەبهەی ژیانی دادپەروەر

به بێ فەرقێ هەموو دەرگا کراوەن

چ ژن بێت وپیاو، زنجیر پساوەن

هەموو کەس هان لە ژێر سایەی درەختێ

بەرابەر، هەر وەکوو یەک پای ئەنێن تێ

هەچی داهات و دەسکەوتی ووڵاتە

لە پێناوی مرۆڤ و ڕێی نەجاتە

چ شیرینە ژیانی کۆمەڵی وا

کە ناوی سۆسیالیزمە و شۆرش ئەڕوا

بگا بەو سەرزەمینە پڕ سەفایە

کە ژین پاراوی شادی، بێ هەرایە

ژیانی ئاوەها، شیرین و خۆشە

شەمێ! بۆو ژینەیە یارت پەرۆشە

ئەگەرچی کۆنە یارت چەک لە شانە

بەرەوڕووی مەرگە، پێشمەرگەی ژیانە

بەڵام تۆی هەر لە بیرە و یاری تۆشە

بە گیانی تۆ لە دووریشت نەخۆشە

ئەوێستاش هەردەمێ دەستی کەوێ هەل

به یادی تۆ لە شمشاڵ هەڵئەکا پەل

به سۆز و شەوقەوه یادت ئەکاتەو

دەتووڕێنێ لە شمشاڵا وەکوو کەو

دەرو دنیا شنەی دوارۆژی خۆشێ

لە ویتەی جوانی شمشاڵ دای ئەپۆشێ!

شەمێ! هەر شۆڕشە رێگەی نەجاتە

نە گریان و خەم و هەی باب و کاکە!

دەسا هەستە وەرە ئامێزی شۆڕش

لە گەڵ چی هاوەڵان، با هێزی شۆڕش

پتەوتر بێ، بنەخشێ، بچتە پێشێ

ژیانی زوڵم، با چیدی نەکێشێ

ژنان نیوەی جیهانن بێنە کایە

خولی دەوران، شتێ دی لە سەرایە!

دەمێکە چاوەڕێی ئەو کات و حاڵەم

لە بەژنی جوانی کیژی کورد، ئاڵێم!

سیسێر – گەلاوێژی ١٣٦١

# پەپوولە بە!

خۆشەویستم

کاتێ بیستم

دەرگای پۆڵای دەمت هات و

قفڵ بەندی تووایە و

خونچەی لێوی ئاڵت هات و

لەبەر تەوژمی هێرشێ

وەری و

بوو بە گەڵا گەڵا...!

کاتێ بیستم

"بروسکە"ی ئاوات و هیوا

دای لە داری

خۆشەویستی وخۆڕاگری و

لق و پۆپی پرووزاند و

دیمەنی ناحەزی و تاڵی

قاقا کەوتووەتە پێکەنین،

مچوڕکێ گیانی داگرتم!

کاتێ بیستم

هەڵەنگووتووی و شەرمەزار

دەسەوئەژنۆ...

رووەو ئاسۆ...

باڵی مەینەت و پەژارە

بە گیانتا راکشاوە و

تەمی گریەی نەکوژاوە

دەریای مەندی چاوەکانتی

شێواندووه:

دلم کەوتە خورپە و لێدان!

دەک بشکێ

ئەو دەستە ڕەشەی

نەونەمامی کۆڕی ژیان

بێ پرسە تێك هەڵدەپێچێ و

ئەیخاتە گۆڕخانەی تاری

مان و نەمان!

*

خۆشەویستم!

ئەوەی ماوە

گەلێ زۆرترە

لەوەی چوو!

هەڵەنگووتووی؟!

- هەرچی ڕێبواری ئەم ڕێگەس

پەرۆشی تەزووی لەشی تۆن!

- هەرچی چاوە

ئەڕوانێتە خاک و

دەست و پێی پەتی تۆ...!

- هەستە...!

هەستە خۆشەویستم!

"بروسکە" بە و

بدە لە داری بەزیوی!

"بروسکە" بە و

بشکێنە سۆڵی تەزیوی!

بولبول مەبە...

مەناڵێنە بۆ گوڵی چوو!

پەپوولە بە... پەپوولە بە...

شەم هەر زیندووەو ئەسووتێ

خۆ بە تینی

شەما

دادە!

سیسێر ٢٦-٩-١٣٦١

# نا... نەتناسیوم داگیرکەر!

بە بۆنەی ماتەمینی گشتی ١٧-٣-١٣٦٢
لە سەرانسەری کوردستان بۆ پەنجاونۆ
گوللەباران کراوی شاری مەهاباد.

نەتناسیوم عەبا لەبەر!
وات ئەزانی
لە گەڵ منالّی ساویلکەی نازپەروەردە
کایە دەکەی!
وات ئەزانی
لە داوەڵی زیندان و ئەشکەنجە و ئازار
شیر و تیر و تەناف بە دەس
ئەتۆقم و... بە غار
لە کایە دەچمە دەر!

بەڵام هەیهات...

دەستت نایە ئاگردانێ

که نەک هەر دەستی نەگریست

ریش و عەبا و هەموو جەستەت ئەسووتێنێ!

نەتناسیوم ... دوژمن هەیهات!

من پەروەردەی سەرخاکێکم

که کۆرپە شیرینەکانی

هەر که پێیان نایە دنیا

کەسوکاریان

خەوی خۆشی مناڵییان

لە ناو بێشکەی دارهەنارا

بە رایەڵی دەسرازەی قەف قەف هۆنراو

تێکەڵ بە بەند و ئازار و

سێدارەی مەرگی ژیانی....

دوارۆژ دەکەن!

من پەروەردەی

باوەشی ئاواڵە و گەرمی

شێرەژنانێکی ئازام

کە منداڵە ساواکانیان

ئەگووشن لە باوەشیانا و

لە گەڵ قەترە قەترەی شیری مەمکەکانیان

تامی تاڵی

ئازار و ئەشکەنجە و دەردی

باب و کاڵی ژێرچەپۆکیان

لە بەندیخانەی بەرینی داگیرکەرانی کوردستان...

ئەکەنە دەمارەکانیان!

من پەروەردەی چیایەکم

کە دایکەکانی شاعیری

بە شیعری گەرم و پر سۆزی لایە لایە

منداڵەکانیان تامەزرۆی

رق و قین و هەڵمەتی بێپسانەوە

بۆ سەر هەموو دوژمنانی خۆشەویستی و

ئازادی بێ قەید و شەرتی

مرۆڤ ئەکەن!

بە شیعری "هەی لایە لایە

باب و کاک لە هەرا دایە..."

خەوی شەوی منداڵانیان

لێواولێو خەونی سوور دەکەن!

*

نەتناسیوم

بەرهەمدزی پیت و فەڕبەر!

هەڵتکردە رەشەبای ووڵات پڕووکێن

وات ئەزانی

من دارەبی

دەم رووباری ووشک و تینووم

کە بە شنەش بسکی شۆڕی شانە دەکرێ!

بەڵام خۆ من دارەبی نیم!

من داربەنی چیای سەخت و گەردنکەشم

راهاتووی وەیشوومەی سڕ و

سەرما وسەهۆڵ و گژەبای تەبیعەتم!

لە بارەگای

ئەگریجەی بووکی ئاواتی سووری منا

تۆفانی هانای هەناسەی سارد و سۆڵت

کزتر لەوەس

دەستی بگاتە بەر پێشی

کە زەنگی مەرگی لێدەدرێ!

*

نەتناسیوم

داگیرکەری ماڵ و حاڵم!

وات ئەزانی ژیلەمۆیەکی ساکارم

ئاوی هەموو بەحرەکانی ئەم دنیایەت

بە سەرجەستەی منا باراند!

بەڵام خۆ من ژیلەمۆ نیم!

من شۆڕشی رق و قینی

چینی چەوساوەی ووڵاتم

من هەتاوم

منم بنیادنەری ئاوم!

چەندین ساڵە

بەرۆکی ئاواتت گرتووم

لە هەر کارێ توانیبێتت

هەر بەڵایێ زانیبێتت

بۆ تێکشکانم بێ ووچان

هیچ دریغیت لێنەکردووم!

بەڵام من هەر زەق و زیندووم

بەرەو هەتاوی سەربەستی

رۆژ لە گەڵ رۆژ...

گەشەدارتر

بەتینتر چووم!

*

نامناسی داگیرکەری کار!

من دەنگی ڕەوا و بەرحەقی

کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانم!

وات ئەزانی بە لەشکەر و

بە هێرشی وەک مۆغۆلت

وڵاتم داگیرئەکەیت و ئاسوودە

سەرئەنێیتەوە و

منیش ...

وێنەی فەرمانبەردارێکی بەزیو

لە ئاستی بارەگای سامت کڕنوش ئەبەم!

وات ئەزانی

بە ویرەویڕی باڵندەی ئاسنینت

ئاسمانی هیوام تار ئەبێ و

مەلی تیژباڵی سەربەستی و خۆشەویستیم ئەتارێت و

لە ئاستی دڕندایەتیت سوجدە دەبەم!

بەڵام هەیهات...
لێرە حەتتا مناڵەکان
لە باڵندەی ئاسنینت  سڵ ناکەن و
بە لاسایی ویڕەویڕو تمبەو ترپەت
گاڵتە بە تۆی دۆژمن دەکەن!

نەتناسیوم...
نەک هەرتۆ، باب و کاڵیشت
ساڵەها دەستەویەخەم بوون
بمخنکێنن...
ئاگری رق و قینی سوورم
بسرەوێنن...
لە سەر ماڵ و حاڵی خۆما
چاڵمەرگم کەن...
بمرەوێنن!

بەڵام هەیهات

لەوەتەی کە لێوەکانم

فێری ووشەی ئازادی بوون...

شاخ و دۆڵ ودەشت و چیام

هاوار دەکەن:

وەرن

وەرن داگیرکەران!

من میواندارێکی سووری

باوەش ئاواڵەی بێباکم

بە زەبری سەرسوڕهێنەری

دەست و چەکی پارێزەرانی شەڕەفم

بۆ تەواوی دژی گەلان

گۆڕستانێ فراوانم!

وەرن... ! وەرن...!

من پردەبازی بەهەشتی

دوارۆژی زەحمەتکێشانم!

*

نا... نەتناسیوم داگیرکەر!

خۆت لێم کردە

"شەل و کوێری کەس نەپارێز"...!

گرتت، کوشتت، بڕیت، بردت

ئەوەی لە دەستت هات، کردت

دوو دوو، نۆ نۆ

پەنجا پەنجا، پەنجاو نۆ

لێرە و لەوێ لە دارت دا

ئیعدامت کرد!

هیوات وابوو بمترسێنی

هەنگاوی توندم پێ شل کەی

بمتۆقێنی

سوجدەم پێبەری لە ئاستی

ئیمامت، دەوڵەتت، تەختت...

سووک و ئاسان

بێ بۆڵەبۆڵ

بمچەمێنێ، بمچەوسێنی!

بەڵام هەیهات...
ئەوتیرەی کە ناتە کەوان
دیتت چۆن هەڵگەڕایەوە و
جەرگی رەشی خۆتی پێکا!
دیتت چۆن رۆڵەکانی من
هەستان، راسان
شەپۆل شەپۆل
لە گشت شارو دێی کوردستان
یەک دەنگ، یەک ڕا
بە شوێن بانگەوازی منا
ماتەمینی سووریان گێڕا!
دیتت کە چۆن هێزی یەکگرتووی بە تینم
خۆی پیشاندا و
بەسەر تەواوەتی سوپا و
دەم و دەزگای سەرکوتگەر و

ترس و سامی دڕندانەت...

شەیپووری زاڵبوونی لێدا!

*

نا ... نەتناسیوم داگیرکەر!

خۆ من هەر کۆرپەی ساویلکەی

ساڵانی پێشتر لەمە نیم!

ئەمجارەیان هەڵمکردۆتە ئاڵایەک

تا سەرکەوتن بەری نادەم

بەرم نادا!

هەڵمکردۆتە دروشمێ پیرۆز و سوور

کە تا یەکسانی لە جیهان دابین نەکا

هەدا نادا! :

ئاڵای پیرۆزی لێنینی!

دەسا بگرە، ببڕە، بدڕە

دڵنیابە ئەم ئاڵایە

چۆک دانادا!

دڵنیابە

دیسانەوەش ئەم وووڵاتە

ئەکەمە ئاگردانی نوێی

لە داگیرکەر، تا رامالێینی، راسانم!

سلیمانیە ١٣٦٢-٣-٢٣

# بەرهەمەکانی نووسەر:

١- شۆڕشی سوور (کۆمەڵە شیعر - کوردی)، ١٩٧٩ ئێران
٢- یەک دەققە بێدەنگی (کۆمەڵە شیعر - فارسی)، ١٩٨٦ سوید
٣- نا نەتناسیوم داگیرکەر (کۆمەڵە شیعر - کوردی)، ١٩٨٨ سوید
٤- مام حەمە بۆتە کۆمۆنیست (شانۆ شیعر - کوردی)، ئینتشاراتی پویا ١٩٨٩، کوردستانی عیراق
٥- منالّی ناو خوێن و ئاگر (کۆمەڵە شیعر - کوردی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٠، سوید
٦- تۆفان (کۆمەڵە شیعر- کوردی )، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٣، سوید
٧- جهان نمای مضحک (کۆمەڵە شیعر - فارسی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٣، سوید
٨- ئاهەنگی ئازادیو ئەڤین (کۆمەڵە شیعر - کوردی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٥، سوید
٩- ئاو و هەتاو (کۆمەڵە شیعر بۆ منالّان - کوردی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٥، سوید
١٠- پووره من من (چیرۆکی منالّان - کوردی)، ئینتشاراتی کانوونی هونەر و ئەدەبیات ١٩٩٦، سوید
١١- کۆمەڵگای فرەکولتووری و ئاپارتایدی دیموکراتیك (رەخنەی کۆمەڵایەتی - سویدی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٧، سوید
١٢- بیشارەوە! (کۆمەڵە شیعر - سویدی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٧، سوید
١٣- بۆ دوارۆژێکی روون (کۆمەڵە شیعر - فارسی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٧، سوید
١٤- لە رەگەوە (کۆمەڵە شیعر - کوردی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٧، سوید
١٥- کۆترەکانی لە خوا یاغی (کۆمەڵە شیعر - کوردی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٧، سوید
١٦- بۆ ژیان و بۆ ئازادی (لێدووانێک لە سەر بەرهەمەکانی چوار

کاریکاتریست) ، ئینتشاراتی هانا ٢٠٠٤، سوید
١٧- خوا و خەتەنە، ئایین چی بە سەر منداڵانەوەیە؟ (رەخنەی کۆمەڵایەتی - سویدی)، ئینتشاراتی هانا ٢٠٠٤، سوید
١٨- چارشێو، یەکسانی یان سەرکوتی ژن؟ (رەخنەی کۆمەڵایەتی - سویدی)، ئینتشاراتی هانا ٢٠٠٥، سوید
١٩- ئایا ئەوانیش مرۆڤن؟ (رەخنەی کۆمەڵایەتی - سویدی)، ئینتشاراتی هانا ٢٠٠٦، سوید
٢٠- کاتێ ووشەت پێ نامێنێ (کۆمەڵە شیعر - سویدی)، ئینتشاراتی هانا ٢٠٠٧، سوید
٢١- شعری برای تو (کۆمەڵە شیعر - فارسی)، ئینتشاراتی هانا ٢٠١٢، سوید
٢٢- راوێژ و وەرگێر. (لێکۆڵینەوەیەک لە سەر کاریگەری وەرگێر بە سەر راوێژدا – بە زمانی سویدی)، ئینتشاراتی هانا ٢٠١٢، سوید
٢٣- شیعر و زمانی ئینسانی. (لێکۆڵینەوەیەک لە سەرئاسەواری ئایین و سیمبۆلەکانی ئایینی لە شیعردا)، ئینتشاراتی هانا ٢٠١٢، سوید

بۆ ئاگاداری سەبارەت بە چۆنیەتی وەدەست هێنانی ئەم کتێبانە دەتوانن سەیری ماڵپەڕی هانا بکەن یان راستەوخۆ بە ئادرەسی هانا نامە بنێرن:


Hanaförlaget

Box 62

Angered / Sweden 42422

Tel. (+ 46)0704441578

(لە دەروەی سوید سیفری یەکەمی بەر لە حەوتەکە نابێ بگیرێ)

www.hana.se

info@hana.se